حكومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق

وەزارەتـــی دارایـــی و ئـــابووری

بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی

چاودێری و پشکنینی دارایی

Kurdistan Region Government - Iraq

*Ministry of Finance & Economy*

*General Directorate of Finance*

حكـومة اقـليم كوردسـتـان- العراق

وزارة المـالية والاقتصــاد

مـديرية المـالية العامة

ژمارە: ٤٢٠٧٢
ڕێکەوت/ ٨/ / ٢٧١٠ کوردی
ڕێکەوت/ ٨/ ٢/ ٢٠١١ زایینی


## گشتاندنی ژمارە ( ٢ )

## بۆ/ گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت

## بابەت/ ڕێسا

دوا بە دوای گشتاندنمان ژمارە/٣ کە بە نوسراومان ژمارە/١٨٠٨ لە ٢٠١٠/١/٣١ گشتێنراوە و لەبەر هاتنی ساڵی نوێ/٢٠١١ ، ئەم ڕێسایانەتان بۆ دەخەینە ڕوو ، تکایە بۆ پابەندبوونتان و کار پێکردنی لە بەرواری ٢٠١١/١/١ دوە ... لەگەڵ ڕێزدا.

(١) وەزیری تایبەتمەند بەپێی یاسای وەزارەت بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی پێکبهێنێت (استحداث) یان- لێکبدات (دمج) بەڵام بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی بەڕێوەبەرایەتی پێك هێنراو وەك (کڕینی کەل و پەل) ، بە کرێ گرتنی باڵەخانە یان خانوو ، کڕین و بەکرێ گرتنی ئۆتۆمبیل ... هتد) پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەتمانە بە مەرجێك پارەی تەرخانکراو (تخصیص) هەبێت لە بودجەی پەسەندکراو و نەچێتە هیچ پابەندبوونێکی (التزام)ی داراییەوە.

(٢) بۆ نوێ کردنەوەی گرێبەستی خانوو و باڵەخانەکان کار بە برگەی (٥) پێنجەمی گشتاندنی سەرەوەمان بکرێت و سەبارەت بە گرێبەستەکانی بەکرێ گرتنی خانوو و باڵەخانە کە پوچەڵ دەکرێن پێویستە وێنەیەك لە فەرمانی پوچەڵ کردنەکە بۆ وەزارەتمان بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی/ بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندار ڕەوانە بکرێت.


هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن: ٢٥٢٨٢٥٤-٢٥٤٢٠١١

Hawller/ Beside Sami Abdulrahman Park
Phone: 2528254-2542011

زانا ٢٠١١/٠٢/٠٢

Email: gd_finance@yahoo.com

(٣) بۆ نویٚ کردنەوەی گرێبەستی بە کرێ گرتنی ئۆتۆمبیل کار بە برگە (٤) چوارەمی گشتاندنی سەرەوەمان بکرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەم خالأنەی لای خوارەوە:-

أ/ سەبارەت بە بەکرێ گرتنی ئەو ئۆتۆمبیلانەی بەدەر لە ڕێنماییەکانی بەکرێ گرتنی ئۆتۆمبیل بە کرێ دەگیرێت ، خەملآندنی نرخەکانیان بە تایبەت بۆ پرۆژەکان لە ریٚگای وەزارەتمان دەبێت/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی / بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندار.

ب/ دەرخستەیەکی فەرمی بە جیاکردنەوەی ئۆتۆمبیلەکانی میری و بە کرێ گیراو و ئەو ئۆتۆمبیلانەی لە پاشماوەی ڕێکخراوە بیانیەکان بۆتان هاتووە بۆ گشت فەرمانگەکانتان بۆمان بنێرن.

جـ/ هەر ئۆتۆمبێلێك بۆ مەبەستی گواستنەوەی فەرمانبەران دابین کرابێت ناکرێت دەرماڵەی شوێنی جوگرافی بۆ ئەو فەرمانبەرانە خەرج بکرێت.

د/ بۆ بەکرێ گرتنی ئۆتۆمبیل بە شێوەی کۆمەڵ بۆ پرۆژەکان و گواستنەوەی فەرمانبەران پێویستە بلأوکردنەوەی بۆ بکرێت لە ڕۆژنامە فەرمیەکان و کارەکەش لە ریٚگای کەم گرییەوە ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی نوێنەری وەزارەتمان.

هـ/ هیچ برە پارەیەك خەرج ناکرێت بۆ ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە بە کرێ دەگیرێن پێش ڕەزامەندی وەزارەتمان/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی / بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندار.

(٤) بۆ کرێ ی کاری سەرەڕایی کار بە بڕگەی دووەمی گشتاندنمان ژمارە/٣ کە بە نوسراومان ژمارە/١٨٠٨ لە ٢٠١٠/١/٣١ گشتێنراوە بکرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

أ/ ئەم کرێیە لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتمان/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی/ بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندار خەرج دەکرێت و بە فەرمانی وەزاری و لەم فەرمانەدا هۆی مانەوەی فەرمانبەر و ژمارەی کاتژمێرەکانی مانەوەی و جۆری کارەکەی و بڕی کرێیەکە دیاری بکرێت و بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ و دەکرێت نوێش بکرێتەوە بە پێ ی پێویست.

ب/ ڕەزامەندی کرێ ی کاری سەرەڕایی لەسەر پرۆژەکان پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەتمان/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی/ بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندار دەبێت.

(٥) بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ ئەنجام دانی کاری پاککردنەوەی دام و دەزگا حکومیەکان لە ڕێگای کەرتی تایبەتەوە پێویستی بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی/ بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندار هەیە ، تەنها بۆ ئەو فەرمانگانەی کە زۆر پێویستن.

(٦) بە کرێ دانی موڵك و سامانی دەوڵەت وەك (کوشك ، یانە و کافتریای کۆلێژەکان ، نوسینگەی فۆتۆکۆپی و زەوی و ... هتد) پێویستە بە ئامادەبوونی نوێنەرمان بێت بۆ خەملاندن و بە کرێ دان.

(٧) پێویستە نوسراوەکانتان لە ڕێگای دیوانی وەزارەتەکانتانەوە ئاڕاستەی وەزارەتمان بکرێت و بە پێچەوانەوە پشت گوێ دەخرێن.

بایز سەعید محەمەد
وەزیری دارایی و ئابووری

وێنەیەک بۆ :

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان/ف.ك. کارگێری و دارایی/ب.ژمێریاری/بۆ زانین...لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ ب. گ. دارایی (س)/ بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی سەر بەم وەزارەتە بۆ گشتاندنی ... تکایە .
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەولێر/ دهۆك/ سۆران/ زاخۆ / ئاکرێ/ کۆیە/ بۆ زانین و کاری پێویست...تکایە.
- دەستەی چاودێری و پشکنینی دارایی / پلان .
- خەرجیەکان/ ژمێریاری/ دیراسات و لێکۆڵینەوە .
- دۆسیەی سوراو.